# پوختەیەک لە ژیانی(بلزاک)



و: سۆما رواندزی

لە ٢٠ ئایاری ١٧٩٩دا (هونوری دوبلزاک) لە شاری(تور)ی فەرەنسی لەدایکبووە، خۆیی و خوشکەکەی(لورا) لە یەکێک لە ناوچەکانی(سان سیر) لە لای دایەنێک بەخێوکراون، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە پێنج ساڵان لە قوتابخانەی لوجای لە(تور) دەستی بەخوێندن کرد. لە(٢٢)ی حوزەیرانی ١٨٠٧ەوە بەدرێژایی ماوەی تا ٢٥ی نیسانی ١٨١٣ لە دواناوەندی(ڤاندوم)ی ناوخۆیی کە لە لایەن پیاوێکی ئایینییەوە بەڕێوە دەچوو زانستەکانی وەردەگرێت. لە میانەی ئەم شەش ساڵەدا بلزاک سەردانی ماڵی خۆیانی نەکرد، تەنها یەک جار دایکی خۆی بینیوە. لە ساڵی ١٨١٤دا خانەوادەکەی بۆ پاریس گواستیانەوە. (هونوری) سەرەتا لە قوتابخانەی پادشایی (لوبیتر)و لە پەیمانگەی (سانزیە)و(بوزلان) لە خوێندن بەردەوام بوو، بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٨١٦ - ١٨١٩ خوێندنی یاسای تەواوکردووەو پاشان لە لای پارێزەرو مامۆستا(جیۆلۆنیتدی مورڤیلی Guillonnetde Merville راهێنەری کردووە دواتر لە دادنووسیی لە لای مامۆستا(پاسیە- passez) بۆ کارکردن گواستراوە، لە هەمان کاتدا لە زانکۆی(سۆربۆن) لە خوێندنی ئەدەبیات بەردەوام بوو.

لە ساڵی ١٨١٩ وردە وردە لە کارە ئەدەبییەکانی بەردەوام بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێک بهێنێتە دی.

لە ساڵی ١٨٢٠ خانەوادەکەیان ماڵیان گواستەوە بۆ شاری(ڤیل برسیس). ئەویش بۆ لایان گەڕایەوەو بەپچڕپچڕی تێیدا نیشتەجێ بوو، لە ساڵی ١٨٢٢ خاتوو(دوبرنی- De Berny) کە کچی یەکێک لە ژەنیاری تار لە میرنشینی(ماری ئەنتوانیت)دابوو خۆشیویست، چونکە خانەوادەی(دوبرنی) بەبیست و دووساڵ لە(هونوری) گەورەتر بوو، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو، کە هاوڕێیەتییەکی بێ وێنەیان هەبێت، ئەو خاتوونە کاریگەرییەکی قووڵی ئەدەبی و ئەخلاقی لەسەر بلزاک هەبوو، هەروەها دڵسۆزیی و خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی خۆی بۆ سەلماند، تاکو لە ١٨٣٦/٧/٢٧دا کۆچی دوایی کرد. ئەو خاتوونە سۆزێکی زۆری بەهاوڕێکەی دابوو. ئەگەر ئامۆژگارییەکانی ئەو خۆشەویستەی نەبوایە بەرهەمەکانی بلزاک جیاوازیان دەبوو.

لەماوەی نێوان ساڵانی ١٨٢١ - ١٨٢٤دا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی بەنووسینی ڕۆمانێک لەژێر ناوی خوازراودا بەشداری کردو هەمووی بەناوی نووسینەکانی(ئۆراس دوسان ئۆلان- Hor-race desaint Aulin) بڵاوکرایەوە.

لە ساڵی ١٨١٩ لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی(لورا)ی خوشکی لە قوتابخانەدا هاوڕێیەتییەکی باش دەبەستێت. ئەویش خاتوو(زلما تورنجان - Zulma Tourangin)ی هاوسەری فەرماندەی تۆپخانەی (کارۆ) بوو. ئەو خاتوونە هۆشمەندو چاکە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر نووسەر هەبوو. کە زۆرجار لە لای خانەوادەکەیان لە کارگەی بارودی(ئەنجولام) پاشان لە(فرابل)و دواتر لەنزیک(ئەسودان) میوان دەبوو.

لە ساڵی ١٨٣٠ بلزاک لە ڕۆژنامەکان دەستی بەنووسین کرد، لە ساڵی ١٨٣١«تویێژاڵی ماتەمین)ی کە لەمانگی ئاب بەدەرکەوت سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.

لە تەمموزی ساڵی ١٨٣٩ ڤیکتۆر هۆگۆ لە(ڤیلای بلزاک) لە(جاردی) بەیاوەری(گۆزلۆن-Gozlon) نانی نیوەڕۆیان خوارد، ئەوکاتە بلزاک دەیویست خۆی بچێتە ئەکادیمیای فەرەنسی.

لە ١٨٤٠/٣/١٤ (ڤۆتران- Vautrin) ناسۆرەکانی(بلزاک)ی لە شانۆگەری(سان مارتان) نمایش کردو، بەڵام لە پێشکەشکردنی سەرنەکەوت. لە ٣/١٦ وەزیری ناوخۆ نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییەی ڕەتکردەوە بەبیانووی ئەوەی کە(فریدریک لوماتر- Frederick le Maitre)ی ئەکتەر جوانکاری بۆ دروست کردووە بەدانانی قژی خواستراو بۆ سەر سەری کە لە (لۆیس فیلیپ- Louis Philippe)ی پادشا دەچوو.

بلزاک گۆڤاری باریسیەی بە سێ نوسخە لە (٧/٢٥، ٨/٢٥، ٩/٢٥)ی ساڵی ١٨٤٠دا بڵاوکردەوە کە بەتەواوەتی هەموو بەرپرسیارێتییەکی نووسینەوەی ئەو گۆڤارەی هەڵگرتبوو. لەنێو ئەو گۆڤارەدا دوو وتار کە تا ئەمڕۆ جێی بایەخن بڵاوکراونەتەوە، یەکەم دەربارەی مێژووی (بۆرت ڕۆیال)ی(سانت بۆف)و دووەمیشیان پیاهەڵدانێکی پەرۆشی چیرۆکی (ڕاهبەر بارم)ی (ستاندال)ە.

لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی ١٨٤١ باری تەندروستی بلزاک تێکچوو بەزەحمەت کاری دەکرد. لە ١١/٢ لەگەڵ کۆمەڵەی نووسینگەکانی(فیرن)و هاوکارانی (دوبوشیە)و (هتزل)و (بۆلان) ڕێککەوتننامەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی (کۆمیدیای ئینسانی) بەست.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٥٠ باری تەندروستی بلزاک زۆر خەراپ بوو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکی زۆری دا تا یاوەری خاتوو هانسکاو نیزاک بۆ (کیاف) بکات.

لە ١٨٥٠/٣/١٤ بلزاک لە کەنیسەی (سانت بارب دوبردیتشاف) هاوسەرگیری لەگەڵ

خاتوو(ئیڤلیم هانسکا) بەست و قەشە(ڤیکتۆر ئۆزار وسکی) کە هاوڕێی خانەوادەکەیان بوو لەجیاتی مەتران(جیتۆمیر) گرێبەندی هاوسەرگیری بۆ پیرۆز کردن. هەردوو هاوسەر لەبەردەم راوێژکاردا دانیان بەم هاوسەرێتییە هێنا. لە مانگی ئایاردا هەردوو هاوسەر بەرەو پاریس رۆیشتن، بەڵام خراپی رێگایەکە باری تەندروستی بلزاکی ترسناک کرد. لە ٥/٢١ گەیشتنەماڵەکەیان کە لە شەقامی(فۆرتینە) بوو. لە ٥/٣١ چەندین پزیشک ئامۆژگارییان کرد کە دەبێ لە ماڵەوە لەسەر تەخت بکەوێ. لە ٧/١١ نیشانەکانی هەوکردنی لێ بەدەرکەوت، واتە پێست ئەستووربوون. لە ٨/١٢ جەستەی بلزاک تووشی نۆرەی هەناسەبڕین بوو، کە بۆ تێنیتیبوون دەیناڵاند. لە ٨/١٨ لە چاوەڕێی مەرگدا بوو. لە کاتژمێری ١١.٥ دوا هەناسەی هەڵکێشا. لە ٨/٢١ تەرمەکەی بۆ کەنیسەی(سانت فیلیب دورول) بردراو پاشان بۆ گۆڕستانی (بارلاشاز).

**بەرهەمەکانی بلزاک**

لە ساڵی ١٨٢٩ رۆمانی«شۆڕشگێڕەکانی شاخوازەکان»ی.

لە نیسانی ١٨٣٠ کتێبی(بەندەکانی ژیانی تایبەتی) نووسی، کە زنجیرەیەک چیرۆکی ئامۆژگارییە بۆ ئەو کچە گەنجانەی کە لەژیاندا ماندوون، یاخود کەیبانووی ماڵن تا بەشێوەیەکی کۆتایی لە رشتنی(فرمێسکی خوێناوی) بەدووربن.

لە ساڵی ١٨٣١ رۆمانی(توێژانی ماتەمین) دەرکەوت کە بریتی بوو لە رەخنەی فراوان و سووتێنەر بۆ رەوشتەکانی مرۆڤی سەردەم.

لە ساڵی ١٨٤٣ بلزاک هەموو نووسراوەکانی خۆی لەژێر ناونیشانێکی گشتی ئەویش لێکۆڵینەوەی دەرکرد، کە لەنێو کۆمەڵەی(بەشەکانی لە ژیانی تایبەتی و بەشێک لەژیانی لادێ، بەشێک لەژیانی پاریس، بەشێک لەژیانی سیاسی و ژیانی سەربازی دانا. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٢١-١٨٢٤دا بەلانی کەم دەبینین چاکترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی بلزاک دەرچووە، یەکەمین نووسینەکانییەتی و تایبەتن بەهۆیەکانی هونەرو دەربڕین، کە ٣٢ پەرتووکی لەژێر ناوی خوازراوی جیاوازدا بلاوکردەوە لەوانە:«لورد هون» و«اوراس دوسان اوبان» و «فیلارجیلە».

لەنێوان ساڵانی ١٨٣٦-١٨٤٠دا لەژێر ناونیشانی(نووسینەکانی ئوراسل دۆسان) لە لایەن بڵاوکراوەی(سوڤران)دا بڵاوکرایەوە، کۆمەڵە چیرۆکێکی(میراتی بیراگ) و (جان لویس) و (کچە بیژۆەکە)و(کلوسیلد دولوزینیان) و (جولەکەی جوان) و (جەژنی سەد ساڵە)و دووان لە خانەوادەی برنگێ/ت) و (قەشەی..)و دوا نائومێدی)و (گلۆپی تازەی دەریا)و هەندێ نووسینی دیکەش لەژێر ناوی(نووسینەکانی گەنجان) بڵاوکرایەوە.

**لە** ساڵی ١٨٢٢دا بلزاک خوێندنەوەی فایلی(لاڤاتیە)ی لەسەر (هونەری ناسین خەڵک لە میانەی سیماکانیانەوە- فن الناس من خلال سحنتهم) دەستپێکرد. بیروڕاکانی بەبڕوابوونەوە جێبەجێکرد، تا ئەو رادەیەی لە دۆزینەوەی راڤەیەکی راستی رەشبینی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دوودڵ نەبوو، کە لە هەموو جووڵەیەک لە هەموو بانگەشەیەک، لە هەموو دەربڕینێکی رووخسار پشتی بەداهات دەبەست، ئەوەیان تایبەت بوو بەمانای بیرۆکە(معنی الفکرە).. بەڵام ئەوەی کە بەمانای شێوەوە تایبەت کراوە ئەو هێڵە خێراییانەو ئەو شەبەنگە مرۆڤانەی لە چەندین قۆناغ و چەندین کەسایەتی نێو کۆمیدیای مرۆڤایەتیدا.

**سەرچاوە:**

سلسله أعلام الفكر العالمی
تألیف: فیلیب برتو
ترجمە: دونا مدثر الرافعی